# پێی وایە ٩٩٪ یان کتێبەکەیان نەخوێندۆتەوە

# مەریوان هەڵەبجەیی : هەتا ئەحزابی ئیسلامی لەجیهاندا مابێت, ئامادە نیم داوای لێبوردنیان لێبکەم

**سازدانی : ژیانەوە**

هاوکات لەگەڵ ناڕەزایی دەربڕینەکانی موسوڵمانانی جیهان لەسەر بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی پێغەمبەری ئیسلام لە یەکێك لە گۆڤارەکانی دانیمارکدا, لەشاری سلێمانیش بۆ ئەو مەبەستەو بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەسەر کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) کە نوسەر مەریوان هەڵەبجەیی نوسیویەتی ژمارەیەك رژانە سەر شەقامەکان و داوایان دەکرد مەریوان دەستگیر بکرێت و سزا بدرێت, دەربارەی ئەو رێپێوانە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا مەریوان هەڵەبجەی وتی : "هەموو رێپێوانێك کارێکی شارستانییە, بەڵام ئەمە حیزبە ئیسلامییەکان دروستیان کردووەو گەورەیان کردووەو کردویانەتە هەرا, چونکە ئەو کتێبەم لە بەرژەوەندی ئەوان نییە, ئەگەر لەولاتێکی پێشکەوتوو مەدەنیدا ئەو رێپێوانەیان بکردایە بەڕێزەوە دەبرانە نەخۆشخانەو چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکانیان بۆ دەکردن", سەبارەت بەوەی کە بۆ ئێستا ناڕەزایی دەردەبڕن لەکاتێکدا ئەو کتێبە چەند مانگێکە بڵاوبۆتەوە مەریوان وتی : "رەوشتی هەمیشەییانەو درەنگ بەشتەکان دەزانن, من دڵنیام ٩٩٪ی ئەوانەی هاتونەتە سەر شەقام بۆ ناڕەزایی و رێپێوان کتێبەکەی منیان نەخوێندۆتەوە".

## *ئەوان داوای دەستگیرکردن و دادگایی کردنت دەکەن ؟

–لەراستیدا تائێستا بەشێوەیەکی رەسمی لەلایەن هیچ کەس و شوێنێکەوە بانگ نەکراوم و لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بیستوومە سکالأیان تۆمار کردووەو فەرمانی دەستگیر کردنم دراوە.

## *ئەی بۆچی خۆت حەشارداوەو خۆت ئاشکرا ناکەیت ؟

–من خۆم لەیاسا حەشار نەداوە, خۆم لەو حیزبە ئیسلامییانە شاردۆتەوە, چونکە مێژوویان دیارەو بەناوی ئیسلامەوە چەندین کارەساتی وەك ئەنفال و کیمیا باران و تەقینەو ..کراوەو لەو سۆنگەیەوە من خۆم حەشارداوە, من نازانم ئەمانە جگە لەدادگا بەتەمای چیترن لەمن.

## *لەنوسینی ئەو کتێبە پەشیمان نیت؟

–هەتا ئەحزابی ئیسلامی لەجیهاندا مابێت, ئەگەر گەورەترین دەسەلاّتیان هەبێت لەجیهانداو کەمترین دەسەلاّتم هەبێت, وەکو مەریوان هیچ کاتێك لەهیچ شوێنێکی دنیادا نایبینن و نایبیستن مەریوان هەڵەبجەیی و مەریوانەکانی تر داوای لێبوردنیان لێبکەن و پەشیمان ببنەوە.

**تێبینی / ئەم بابەتە لە ژمارە ٢١٧ ی رۆژی ٢/١٢ رۆژنامەی ( ژیانەوە ) دا بڵاوکراوەتەوە.**